# ئامانجەکانی حەجکردن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# غايات الحج

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئامانجەكانى حەجكردن

**پرسيار:** هەمووومان دەزانين خواى گەورە حەجى لە سەر موسڵمانان فەرز كردووە، ئايا ئامانج لە حەجكردنى ماڵى خودا چيە ؟ خواى گەورە پاداشتى خێرتان بداتەوە.

**وەڵام:** سوپاس بۆ خواى گەورە وميهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەيت ويار وياوەرانى هەتا هەتايە.

حەج چەند ئامانجێكى گەورە و مەزنى هەيە، كە خواى گەورە لەبەر ئەو ئامانجانە لە ئاينى پيرۆزى ئيسلامدا داينـاوە، ئێمەش ئەگەر بمانەوێت لێرەدا هەموو ئەو ئامانجانە بژمێرين ناتوانين، بۆيە تەنها ئاماژە بە گرنگترينيان دەكەين، لەوانەيش:

١) حەج كردن بەجێهێنانى فەرمانى خواى گەورەيە، و بەدەمەوە چوونى ئەو بانگەوازەيە كە خواى گەورە داويەتى بە گوێى باوەڕداراندا، ئەمەش خۆى لە ملكەچيەكى تەواو لەبەرامبەر گوێڕايەڵى بۆ فەرمانەكانى خواى گەورەدا دەبينێتەوە.

٢) حەج پەيوەنديەكى بەهێزى هەيە بە گيانى سروش و وەحيەوە، چونكە حەرەمى پيرۆزى مەككە جێگاى هاتنە خوارەوەى وەحى

بووه بۆ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ، چەندێك موسڵمانان پەیوەست بن بەم خاکە پیرۆزەوە هێندەش پابەند دەبن بە جیلی یەکەمی ئیسلامەوە، ئەو جیلەی کە لە پێناو خوای گەورەدا جیهادیان کرد و تێکۆشان تاوەکو ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام بەسەر زەوی بگەیەنن.

٣) حەج ڕاگەیاندنی یەکسانییەکی تەواوە لە نێوان خەڵکیدا، ئەویش بەوەی کاتێك دەبینیت کە هەموو حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا بە یەك جۆر جل وبەرگەوە هەر هەموویان لەیەك شوێندا بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و زمان وەستاون، و دەستیان بەرز کردوەتەوە و لەخوای گەورە دەپاڕێنەوە کە لە گوناهەکانیان خۆش بێت.

٤) حەج گیانی یەکترناسین و هاوکاری و ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان موسڵماناندا بەهێز دەکات، ئەویش لە پێناو هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلام و بەرزکردنەوەی پلە و پایەی پێشەوایەتی لە نێوان گەلاندا.

خوای گەورەش زاناترە .